IB-Saiwani Beratender Ingenier
Dr. – Ing. Asso Saiwani
Nordhauser Str. 19, 10589 Berlin



**سێکتەری نیشتەجێبوون**

ئەم خزمەتگووزارییە لە باکووری عێراق پێویستی بە زۆرترین بوودجەیە تا ساڵی 2015 بۆ بواری بیناسازی. بۆ خەملاندنی بوارەکەش پشت بە چەند هۆکارێک بەستراوە لەوانە:

- ژمارەی خێزانەکان لە داهاتوودا تا ساڵی 2015،
- زیادبوونی داواکارییەکان لە جۆری بیناو مەوادی بیناسازیدا لە داهاتوودا،
- زیادبوونی داواکارییەکانی تاکەکەس لە هەبوونی خانووی دووهەم بە نیازی حەوانەوەی کاتی تیایاندا،

بری پارەی خەمڵێنراو لەسەر ڕۆشنایی هێشتنەوەی ئەو خانوانەی کە درووستکراون تا ئێستا و پێویستی گەشەکردن و نوێژەنکردنەوەیان و کاری ڕووخاندنی ئەو بینایانەی کە داڕماون بۆ Preservation Need لەم بوارەدا تا ساڵی 2015 بە 3641,28 Mio. US $ مەزەندە کراوە،.

بەهۆی بەراووردکردنی ڕووکەشی [ژمارەی هەبوون لە خانوو لەگەڵ ژمارەی پێویست لە خانووی نیشتەجێبوون] دەرکەوتووە، کە ژمارەی ئەو خانوانەی کە بۆ نیشتەخێبوون دەست ئەدەن لە باکووری عێراق بەشی ژمارەی دانیشتوانەکەی ناکات تا ساڵی 2015.

هەرچەندە زانیاری تەواو لە بابەت جۆری درووستکردن و مەوادی بەکارهاتوو لە بینا درووستکراوەکاندا لەبەردەستدا نین و تەنها بە ڕووکەش تێڕوانین ئەکرێن و ئەخەمڵێنرێن، جۆر و بار و شێوازی یەکە درووستکراوەکان و هەڵەی ئەندازیاری لە پلان و درووستکردنەکانیاندا، بۆ بەراووردکردنەکە بە هەند وەرگیراون.

لەگەڵ کۆنی بیناکاندا، کە لە شەستەکانی سەدەی ڕابووردودا دروستکراون و بە ماوەی بوونیان لەبەر هۆکاری دارایی تەرمیم نەکراون، زیانێکی بەرچاو لە ڕووکەش و مەحکەمی بیناکاندا تۆمار ئەکرێت. لابردنی ئەم هەڵەو زیانانەش پێویستی بە بوودجەیەکی تەرخانکراو بۆی، هەیە کە ئەکاتە 3641,00 Mio. US $ .

بە تێڕوانین لە ژمارەی ئەندامەکانی خێزان لە باکووری عێراق بە **5 تا 7 ئەندام**، بەراووردکردنەکە دەریئەخات، بۆ پڕکردنەوەی پێویستییەکانی دانیشتوان لە یەکەی نیشتەجێبوون و بۆ ئەوەی هەر خێزانێک یەکەیەکی نیشتەجێبوونی خۆی هەبێت، نزیکەی **400000** یەکەی نیشتەجێبوون پێویستە تا ساڵی 2015 درووستبکرێن.
لەگەڵ دانانی 5% وەک یەدەگی پێویست بۆ ئەم بوارە، پێویستی باکووری عێراق لە بواری نیشتەجێبوون دا تا ساڵی 2015 لە Extension Need بری خەمڵێنراو بۆی بە 4660,77 Mio. US $ مەزەندە ئەکرێت.

بۆ ئەوەی پێویستی دانیشتووان لە یەکەی نیشتەجێبوون لەگەڵ پێویستییەکانی دانیشتوان دا بگوونجێنرێت، کە هەمیشە لە گۆڕاندان، ئەبێت یەکەی تازە درووستبکرێن و جێی یەکە کۆنەکان بگرنەوە.
لە کۆی **1.1 ملیۆن** یەکەی درووستکراوی نیشتەجێبوون لە باکووری عێراق لە ساڵی 2003 دا، نزیکەی **110000** یان ئەبێت تازە درووستبکرێنەوە. ئەو یەکانەش لەبەر داڕماندنی تەواویان و زۆربەشیان ئەکەونە شاری موصلەوە، چوونکە لە شاری موصڵ ئاستی ئاوی ژێر زەوی بەرزە و زیانێکی یەکجار زۆر بە خانووەکان ئەگەیەنێت، ئەگەر چارەسەریان بۆ نەدۆزرابێتەوە.

بۆ تازەکردنەوەی ئەم برەش لە یەکەی نیشتەجێبوون تا ساڵی 2015 پێویستی لە Extension Need بۆیان مەزەندە ئەکرێت بە نزیکەی 1265 Mio. US $ لەگەڵ 5% زیادە وەک یەدەگی پێویست بۆی.
بۆ ئەم مەبەستە بۆ هەر یەکەیەک 11500 US $ ئەژمار کراوە [بە پێی نرخی مەوادی بینا و هێزی کار لە ساڵی 2003 دا بە بێ نرخی زەوی]، هەرچەندە ئەم نرخانەش لەبەر نەبوونی یاسای تایبەت بە بوارەکە لە نرخی ئاسایی خۆیان زیاتر بەرز بوونەتەوە و ڕۆژێک دێت کە ئەبێت بگەڕێنەوە نرخی ئاسایی خۆیان و جێگیر بکرێن.

نرخی زەوی نەخراوەتە سەر ئەم برە تەرخانکراوە، چوونکە هاووڵاتیان بە پارەیەکی دیاریکراو و گوونجاو زەوی و زاریان لە لایەن حکومەتەوە بەسەردا دابەش ئەکرێت.

ژمارەی خانووی نیشتەجێبوون لە باکووری عێراق لە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوەوە هەڵنەقووڵاوە، بەڵکو زیاتر خەمڵێنراوە و بە ڕێژەیەکی باش درووستە، بەم پێیە:

| شار | ژمارەی دانیشتوان لە ساڵی 2003 | ژمارەی یەکەی نیشتەجێبوون لە ساڵی 2003 | ژمارەی دانیشتوان لە ساڵی 2015 دا | ژمارەی یەکەی نیشتەجێبوون لە ساڵی 2015 |
|---|---|---|---|---|
| موصڵ | 2700000 | 385715 | 3765150 | 537878.57 |
| هەولێر | 1400000 | 200000 | 1676780 | 239540.00 |
| کەرکوک | 900000 | 128571 | 1154070 | 164867.14 |
| سلێمانی | 1700000 | 242857 | 2510390 | 358627.14 |
| دهۆک | 820000 | 136667 | 1006960 | 143851.43 |
| کۆی گشتی | **7520000** | **1093810** | **10113350** | **1444764.29** |

بە پێی ئەم نەخشەیەی سەرەوە هەر پێنج شارەکەی باکووری عێراق لە ساڵی **2003**دا کە ژمارەی دانیشتوانەکانیان **7520000** کەسە، لە نزیکەی **1.1 ملیۆن** یەکەی نیشتەجێبوون دا ئەژین.

لە سالی **2015** دا ژمارەی دانیشتوانی **5 شارەکە** ئەبیت بە **10113350** کەس کە جیاوازی **2.59 ملیۆن** کەس درووست ئەکات کە ئەمەش زیادکردنی ژمارەی دانیشتوانی ساڵانەی باکووری عیراق بە **216112.5** کەس مەزەندە ئەکات.
بە پشتبەستن بەم خەملاندنە نزیکەی **400000** یەکەی نیشتەجێبوون تا ساڵی 2015 لە باکووری عێراق پێویست ئەبن، کە بڕی تێچوونیان بە $ 4660,77 Mio. US مەزەندە ئەکرێت.

Saiwani